# Teaching curriculum
# Fourth stage
# 2024-2023
## وانەی دووەم

## چەمکی نوێی بەرنامەی پەروەردەی:

### پێناسەکان:

بەرنامەی پەروەردەیی کۆی هەموو ئەو شارەزاییە کە پلانی بۆ دانراوە و قوتابخانە دەیانخاتە بەردەست بۆ یارمەتی دانی فێرخوازان بۆ بەجێ گەیاندنی ئامانجە فێرکاریە خوازراوەکان بۆ بە دەستهێنانی باشتر بە گوێرە ی تواناو هێزی فێرخواز.

هەموو ئەو خوێندنەیە یان چالاکیەیە یان ئەو شارەزاییە کە فێرخواز بە دەستی دەکەوێت  لە ژێر سەرپەرشتی قوتابخانە ,لە ناو پۆلدا یان لەدەرەوەی پۆلدا.

هەموو ئەو جۆرە چالاکیانەیە کە فێرخواز دەیان کات ,یان هەموو ئەو شارەزایانەیە کە فێرخوازان لە ژێر سەرپەرشتی و ئاراستەکردنی قوتابخانە پێدا تێپەر دەبن ,لە ناوەوەی قوتابخانە یا لەدەرەوەی قوتابخانە .

ئەو كۆمەڵە شارەزاییە پەروەردەییانەیە كە قوتابخانە ئامادەی دەكات بۆ فێرخوازان بە مەبەستی یارمەتی دانیان بۆ گەشەكردنی گشتی و گۆڕینی ڕەفتاریان_لە ژێر سەرپەرشتی و چاودێری قوتابخانە.

کۆی هەموو شارەزاییەکانی ( پەروەردەی و کۆمەلایەتی و رۆشنبیری و وەرزشی و هونەری و زانستی و.....هتد ) یە کە قوتابخانە پلانی بۆ دادەنێ ئامادەی دەکات بۆ فێرخوازان تاکو فێر ببن ,ئەم کارە لە ناوەوەی قوتابخانە دەبێ_,لە دەرەوەی قوتابخانە_**بە ئامانجی بە دەست هێنانی چەند جۆرێك لە رەفتار.**

# بنەماکانی چەمکی نوێی بەرنامەی پەروەردەی:

1- بەرنامە تەنها ئەو بابەتانە نین کە بریاردراوە بخوێندرێن( چالاکیەکانن, شارەزاییەکانن ).

2- خستنە بەردەستی مەرجە لێهاتووەکان بۆ فێربوونێکی باش.

3- بایەخدان بە جیاوازیە تاکایەتیەکان,فێرخواز (بۆچونەکانیان و تواناکانیان ).

4- بە کارهێنانی زانیاریەکان لە لایەن فێرخوازانەوە و سوود لێوەرگرتنیان.

5- پێویستە بەرنامە لەگەڵ ئێستای و داهاتووی فێرخوازانەوە بگونجێ .

# لایەنە باشەکانی بەرنامەی نوێی پەروەردەیی:

1. بە ڕێگای هەروەزیەوە ئامادە دەکرێ , لە کاتی پلاندانان و دیزاین کردنی ئەمانە لە بەرچاو دەگیرێت:

أ- هەڵکەوتی کۆمەڵگاو فەلسەفەکەی و سروشتی فێرخواز و ڕەوشی گەشەکردنی.

ب- کارلێکردنی نێوان مامۆستاو فێرخواز و ژینگەی خۆجێی و ڕۆشنبیری کۆمەڵگا ئاوەژوو دەکاتەوە ( عکس ).

ت- هەموو جۆرە چالاکیەکانی فێرخواز لە خۆدەگرێت.

پ- لە گەڵ هەموو توانا ماتریالیەکان ( مادی )و مرۆڤە کاندا دەگونجێ یان یەك دەگرێتەوە.

ج- جەخت لەسەر گرینگی کاری بە کۆمەڵ دەکاتەوە.

ح- تەواوکاری و ڕێککاری بەدی دێنێت لە نێوان توخمەکانی بەرنامەدا.

2. یارمەتی فێرخواز دەدات کە گۆرانەکانی ناو کۆمەڵگا قبوڵ بکات و خۆیان لەگەڵ داخوازیەکانی کۆمەڵگا بگونجێنن.

3. مامۆستا ڕێگای وانەووتنەوەی جۆراو جۆر بە کاردێنێت,ئەو ڕێگایەی کە زۆرتر لەبارە بۆ سروشتی فێرخوازەکان و ئەو جیاوازیە تاکایەتیە هەڵبژێرێت کە لە نێوانیان دا هەیە.

4. بە کارهێنانی وەسیلەی جۆراو جۆرو هەست پێکراو( بەرجەستە ).

5. ماددەی خوێندن بە ئامرازێك دادەنرێت کە ڕەفتاری فێرخوازی پێ هەموار دەکرێت.

6. ڕۆڵی مامۆستا لە ڕێکخستن و فێربوونی فێرخوازاندا ,نەك گوێچکە ئەخنی.

7. بەرنامەی پەروەردە بایەخ بە ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان قوتابخانەو خێزان دەدات.

8. قوتابخانە بایەخ بە یارمەتی دانی دامەزراوە کۆمەلأیەتی و جەماوەرییە پەیوەندی دارەکان بە فێرخوازانەوە دەدات.

9. هەوڵی دەستنیشانکردنی شارەزای و چالاکیە فێرکاریەکان دەدات ,لەگەڵ بڕوابوون بە توانای فێرخوازانەوە لەسەر بەشداریکردن لەو دەستنیشانکردنە .

10. بەرنامەی پەروەردەی بایەخ بە پەرەپێدانی کەسایەتی فێرخواز دەدات ,بۆ ئەو بەرەنگاربونەوانەی دێنە پێش.

## ئەوەی تێبینی دەکرێت لەسەر( چەمکی پرۆگرام)ی نویٚ ئەمانەیە:

1- شـارەزایی و ئـەزموون یەکـەی بنیاتنـانی پرۆگرامـە، ئـەو زانیارییانـەی کـە بۆگـەورە دانراون ناشیت بۆ بچوکەکانیش هـەمان زانیارییـان بۆ دابنرێت، هەرچەندە ئـەرکی دەزگا فێرکردنـەکان گواسـتنەوەی کەلـەپووری رۆشـنبیریە بۆنـەوەکانی تـر. ئەمـەش لـە خۆیـدا زانیارییە کە دەلێن زانیاری رەوشتی مرۆڤایـەتی ئاراستە دەکات. بۆ ئـەوە رەوشتێکی تر فێـر بێـت پێویسـتە هەندیٚ زانیـاری هـەبێت دەربـارەی ئـەو رەوشـتە، هـەروەها شـارەزایی نوێنـەری هەڵوێستی فێرکردنە کەزانیاری و چالاکی وهۆیـەکان دەگرێتـەوە. فێرخوازیش بەگشتی ئاوێتەی دەبێت.

2- **شارەزایی و زانیاری تەنها  چالاکییەکان ناوپۆل ناگرێتەوە**،بەڵکو هەموو هەڵوێستە شارەزاییەکانی دەگرێتەوە کە رێك دەخرێت لەناو خوێندنگا( ژووری خوێندن ، تاقیگەکان،یا رێگاکان.. هتد, هەروەها دەرەوەی خوێندنگا وەکو( گەشتەکان، چادرگا، سەردانی مەیدانی)،واتە ئەو شارەزاییانە تەنها ناپۆل ناگرێتەوە بەڵکو ئەو **هەڵوێستە شارەزاییانە** کە ریکخراوەلەناوو دەرەوەی خوێندنگا دەگرێتەوە.

3. شـــارەزاییەکان( ئەزمونــە پەروەدەییــەکان) کــە لایەنــەکانی کەســایەتی تــاك چــاك دەکەن،پێویستە بەبەردەوامی ئەزموون ببەسترێتەوە بەئەزمونی ئێستا وپێشتر. (جەنگ)
4. گەشەی کەسایەتی بە شێوەیەکی گشتی بەهەموو لایەنەکانیەوە کە بریتی یەلە عەقڵی و جەستەیی و کۆمەلایەتی و هەڵچوونی.. ئەمانەهەموو دەگرێتەوە بێجگەلە بایەخدان تەنها بەلایەنی عەقڵی.
5. جۆراوجۆری شارەزایی و پرۆگرام وا دەکات شێوازی وانەوتنەوەش جۆراوجۆربێت چونکە هیچ شێوازێکی وانەوتنەوە نیە کە شیاو بێت بۆ هەموو جۆرە پرۆگرامێك دێتە پێش.

# جیاوازی ( بەراورد ) لە نێوان بەرنامەی کۆن و بەرنامەی نوێ؛

1. سروشت یان شێوازی بەرنامە ؛

| بەرنامەی نوێ | بەرنامەی کۆن |
|---|---|
| بریاردراو بۆ خوێندن بەشێکە لە بەرنامە | بڕیاردراو بۆ خوێندن یەکسانە بەبەرنامە |
| شیاوی گۆران و هەموارکردنە | نەگۆڕاوە , هەموارکردن قبولٚ ناکات |
| جەخت لەسەر چۆنیەتی دەکاتەوە | جەخت دەکاتەوە لەسەرئەو چەندایەتیەی فێرخواز فێری دەبێت |
| | |

| بەرنامەی نوێ | بەرنامەی کۆن |
|---|---|
| بایەخ بە رێگای بیرکردنەوەی فێرخواز دەدات لەگەڵ ئەو چاپوکیانەی کە هاورێن شان بە شانی پەرەسەندندا. | لە چوارچێوەیەکی تەسکدا جەخت لەسەر لایەنی زانیاری دەکاتەوە. |
| بایەخ بە هەموو لایەنەکانی گەشەی فێرخواز دەدات | بایەخ بە ژیری فێرخواز دەدات. |
| بەرنامە بۆ فێرخواز دەگونجێنێ | فێرخواز لەگەڵ بەرنامەدا دەگونجێنێ |

# 2. پلان دانان بۆ بەرنامە ؛

| بەرنامەی نوێ | بەرنامەی کۆن |
|---|---|
| لە ئامادەکردنی دا هەموو ڕەگەزەکانی بەرنامە بەشدار دەبن. | پسپۆران لە ماددەی بڕیاردراوی خوێندندا ئامادەی دەکەن. |
| لە پلان دانان دا هەموو رەگەزەکانی بەرنامە بەشدار دەبن. | لە پلان دانان دا جەخت لەسەر هەڵبژاردنی ماددەی بڕیاردراو دەکاتەوە. |
| تەوەری بەرنامە فێرخوازە. | تەوەری بەرنامە ماددەی بڕیاردراوە بۆ خوێندن. |
| | |

## 3. ماددەی خوێندن (بڕیاردراو):

| بەرنامەی نوێ | بەرنامەی کۆن |
| --- | --- |
| هۆکارێکە یارمەتی گەشەی فێرخوازان و پێداویستیەکانیان دەدات. | لە خودی خۆیدا ئامانجە نابێ هیچ هەموارکردنەوەیەکی بۆ بکرێ. |
| بڕیاردراو بۆ خوێندن لەبەر رۆشنایی دەروونی فێرخواز بنیات دەکرێت. | بڕیاردراو بۆ خوێندن لەسەر رێکخستنی لۆجیکی ماددە بنیات کراوە. |
| ماددەکانی خوێندن تەواو هاو پەیوەستن. | ماددەکانی خوێندن پچر پچرو لێك جودان. |
| سەرچاوەکەیان کتێبی جۆرارو جۆرە. | سەرچاوەکەیان کتێبی بڕیاردراوە. |

# 4. ڕێگای وانەووتنەوە:

| بەرنامەی نوێ | بەرنامەی کۆن |
| --- | --- |
| دابینکردنی مەرج و بارودۆخی لەبار بۆ خوێندن. | فێرکردن و گوێگرتنی ڕاستەوخۆ. |
| هەموو جۆرێکی هۆی فێرکردن بەکاردێنی. | بەکارهێنانی هۆکارەکانی فێرکردن پشت گوێ دەخات. |
| بایەخ بە هەموو جۆرە چالاکیەکان دەدات. | بایەخ بە چالاکیەکان نادات. |

# 5.فێرخواز:

| بەرنامەی نوێ | بەرنامەی کۆن |
| --- | --- |
| فێرخواز ئەرێنیە بەشداردەبێ. | فێرخواز نەرێنیە بەشدار نابێ. |
| بڕیاری لەسەر دەدرێ بە رادەی پێشکەوتنی بەرەو ئامانجە خواستراوەکان. | بڕیاری لەسەر دەدرێ لە دەرچوون لە تاقیکردنەوەکانی ماددەکانی بڕیاردراوی خوێندن. |

# 6.مامۆستا:

| بەرنامەی نوێ | بەرنامەی کۆن |
| --- | --- |
| پەیوەندیەکەی بریتیە لە کرانەوە لەگەڵ فێرخوازان | پەیوەندی لەگەڵ فێرخواز خۆ پەسندە. |
| بریاری دەدرێت لەسەر یارمەتی دانی فێرخوازان لە گەشەکردنی تەواویان. | بریاری لەسەر دەدرێت لە ڕێگای ژمارەی دەرچوونی فێرخوازەکانی لە ئەزموونەکان. |
| بایەخ بە جیاوازیە تاکایەتیەکانی نێوان فێرخوازان دەدات. | بایەخ بە جیاوازیە تاکایەتیەکانی نێوان فێرخواز نادات. |
| هانی فێرخوازان دەدات بۆ یەکگرتن لە هەڵبژاردنی چالاکی و جۆری ئەنجامدانی. | هانی فێرخواز دەدات لە کێبڕکێکردن لە ئەزبەرکردندا. |
| ڕۆڵی مامۆستا گۆڕاوە | ڕۆڵی مامۆستا نەگۆڕە |
| ئاراستەیان دەکات ڕێنمایی و ئامۆژگاریان دەکات. | هەڕەشەی سزادان دەکات بە جێی دەگێنی. |

## 7. پەیوەندی قوتابخانە بە خێزان و ژینگەی فێرخواز:

| بەرنامەی نوێ | بەرنامەی کۆن |
|---|---|
| بایەخێکی زۆربە پەیوەندی نێوان قوتابخانەو خێزان و ژینگە دەدات. | هیچ بایەخێك و گرینگیەك بە پەیوەندی نێوان قوتابخانەو خێزان و ژینگە نادات. |